







# ڕێنمایی پسپۆڕان بۆ ماکیاژی بەیانیان

ماکیاژی بەیانیان بۆ ئەو خانمانەی دەچنە دەوام و سەر کار، کۆمەڵێك ئامادەکاری و خۆڕێکخستنی پێویستە، بەتایبەت ئەوانەی خاوەن پیشەن و دەخوێنن، ئەوانەی ماکیاژیش دەکەن، دروستە ماوەیەکی زۆری دەوێت و ئەوانیش ئەوەندە کاتەیان لەبەردەستدا نییە، هەر بۆیە با ئەو کارە وەك ڕۆتینێکی ڕۆژانەی لێی بکەن و هەنگاوەکانیشیان وەك ئەو چەند ئامادەکارییەی خوارەوە بێت: بەر لە پۆشینی جلەکەت، ماکیاژت بکە، چونکە ڕەنگە هەندێ جار جلی دەرچوون و دەوامت پۆشیوە و کەچی لە کاتی ماکیاژدا، بۆیە و فڵچەی بەردەکەوێت و پیس دەبێت، ئاساییە ئەگەر بڕێکی زۆر لە ماکیاژ بەکاربهێنیت، کە شێوەت تێك بدات و بۆیە و دەرمانی زۆرت بە سەرچاو و ڕوخسارەوە دەربکەوێت، بەڵکو با ماکیاژەکەت بە سادەیی بێت، هەوڵ بدە بۆیە و ڕەنگی هەمەجۆر بەکاربهێنە، چونکە ڕەنگەکان لە بەیانیاندا جوانتر و گەشاوەتر دەردەکەون، بۆیە ئەگەر ڕەنگیش لە کوڵمەکان و لێو و مل و بەرۆکت بدەی، جوانتر دەردەکەویت، قەڵەمی ونکردن بۆ شاردنەوەی وردە خاڵ و زیپکە بەکار بهێنە، بە تایبەت بۆ ژێر چاو، کە بەیانیان بەهۆی خەوەوە چرچ و لۆچیی پێوە دیار دەبێت، ڕەنگی برۆنزی بکە بە ڕەنگی ئەساس، کە گەشانەوە بە ڕوخسارت دەدات، بە تایبەت ئەگەر هەردوولای دەموچاوت بە برۆنز ڕەنگ کرابێت، هەروەها ماسکاراش لە بیر مەکە، کە ئەوەش بە دوو جار لەسەر برژانگەکانت بدە.





# گوارەی بچووک و نەخشدار هەڵبژێرە

کەرەستە و ئێکسسوارەکانی جوانکاری لە ماددە و کانزای گرانبەها دروست دەکرێن، نەخشەکانیش لە چەندین شێوەی جۆراوجۆرن، بەڵام ئەمجارەیان یەکێك لە ئێکسسوارەکان لە ماددەیەکی دیکەی سووك لە کێش و سادە لە جوانیدا دروست کراوە. ئێستا زۆربەی مۆدەکانی ئێکسسوارەکان لە دار دروست دەکرێن، وێڕای ئەوەی کاری دروستکردن و نەخش کێشان لەسەر ئێکسسواری دار قورسە، بەڵام لە جوانیدا ناسکە و لە نەخش و دیکۆریشدا سەنگینە، یەکێك لەو مۆدە باوانەی ئێکسسوارەکانی وەرزی هاوینە گوارەی نەخشدار و لە دار دروستکراوە، تا هاوشێوەی کەرەستەکانی دیکەی سرووشتی، لە گوێچکەی خانمانەوە بێت. وەك پسپۆران دەڵێن : ئێکسسواری دار، یان گوارەی دار، سووکە لەسەر گوێچکە و ئازاری پێستی ژێر و دەوروبەری گوێ نادات، هەروەها نەخشی سەر دار هەمیشە لە نەخشی ماددەکانی دیکە جوانتر و ڕازاوەترە، جگە لەوەی لە جوانیدا ناسکە و دەتوانیت هەر شێوەیەکت مەبەست بێت، لەسەر گوارە دارەکە بینەخشێنیت.



# پێڵاوی سپی
# شایستەی وەرزی گەرمایە

کەرەستە و جلەکانت لە وەرزی گەرمادا پێویستە بەجۆرێك بن کە پارێزگاری لە جەستەت بکەن و، نەبنە هۆی بێزاری و ئارەقەکردن و بە جەستەوە بلەکێت، با لە پێڵاوەکانەوە دەست پێ بکەین، جیاوازیی هەیە کاتێك پێڵاوێکی پێستت لەپێ دەبێت، یان لە ڕەنگی ڕەش بێت، چونکە پێست و ڕەنگی ڕەش دەبنە هۆی ڕاکێشانی گەرمی، بەمەش پێیەکانت ئارەقە دەکەن و دەبنە مایەی بێزاری و خوراندن، بۆیە پسپۆڕانی جوانکاری پێڵاوی قوماش و لاستیکی کراوەیان بۆ وەرزی هاوین هەڵبژاردووە، تا مۆدێکی نایاب بێت و، هەروەها سەرنجڕاکێشیی پێوە دیار بێت، لە بارەی ڕەنگیشەوە ڕەنگی سپی گونجاترین ڕەنگە بۆ پێڵاوەکان، بەهۆی ئەوەی کە ڕەنگەکە لەگەڵ هەموو ڕەنگێکی دیکەدا دەگونجێت، هەروەها نابێتە هۆی ڕاکێشانی گەرمی، وا چاکە پێڵاوەکەت ژێرەوەی هەندێك بەرز بێت، چونکە زەوی لە وەرزی هاویندا گەرمە، هەروەها گۆرەویەکی کورت لەگەڵ پێڵاوە سپییەکەدا لەپێ بکە، خۆ ئەگەر پێڵاوەکە کون کون بێت چاکترە، تا هەوای بەنێودا بێت و بڕوات، هەوڵ بدە بەردەوام پێڵاوە سپییەکەت بە پاکی ڕابگریت و مەهێڵە ڕەنگەکەی تێك بچێت، دەتوانیت ئەو جۆرە پێڵاوە بۆ گەشتکردن و سەردانی و دەرچوون لەپێ بکەیت.







# پارچە ئەڵماسێک بە دیاری بۆ مانگی هەنگوینی

کریستین لەیدن، لاوێکی ئەمریکییە و، لە منداڵییەوە خەون بە دۆزینەوەی ئەڵماس و کانزا گرانبەهاکانەوە دەبینێت، کریستین ئێستا تەمەنی (٢٥)ساڵە و، خۆشەویستێکی هەیە، کە بڕیاریانداوە لە داهاتوودا هاوسەرگیری بکەن، کریستین لە خەونی منداڵی ناکەوێت و دەیەوێت بە دوای ئەڵماس و کەرەستە گرانبەهاکاندا بگەڕێت، لەیدن، هەڵساوە بە سەیرکردنی ڤیدیۆی کاتی دۆزینەوەی ئەڵماسەکان، تاوەکو زانیاری لەسەر شوێن و چۆنیەتی دۆزینەوەی ئەڵماسەکان وەربگرێت، بە نییەتی ئەوەی ئەویش لەو کارە شتێك بەدەست بهێنێت، هەر بۆیە خۆی و خۆشەویستەکەی (دیسێرا) کەرەستەکانی دۆزینەوەی کانزا گرانبەهاکان ئامادە دەکەن و دەچنە ئەو ناوچانەی کە گومان دەکرێت ئەڵماسیان تیادا هەبێت، ئەوانیش ناوچەی مۆنتانا و باخچەی دەمی ئەڵماس لە ویلایەتی ئەرکنساسی ئەمریکی، لە دوای گەڕانێکی زۆر کە ئەوان ناویان ناوە مانگی هەنگوینی بۆ دۆزینەوەی ئەڵماسەکان، بەخت یاوەریان بوو، توانیان پارچە ئەڵماسێك بە کێشی (٢,٢) قیرات بدۆزنەوە، ئەوەش وایکرد کە بەشێکی ئەڵماسەکە بکاتە ئەڵقەی هاوسەری و پێشکەشی دەستگیرانەکەیی بکات، بەشێکی دیکەشی بۆ کڕینی کەرەستە و ماڵ و ئوتۆمبێل تەرخان کرد.



# لاوێکی کەشخە ئاشقی ئافرەت

جار هاردۆوێك، کوڕە گەنجێکی کەشخە و ڕێکە، سەیریی بیرکردنەوەی ئەو کوڕە لەوەدایە کە ئاشقی ئافرەتانی بە تەمەن دەبێت، لە زۆربەی شوێنە گشتییەکاندا داوای خۆشەویستی و پەیوەندی لە ئافرەتانی بە تەمەن دەکات، وەك ئەوەی بە کچێکی



# نانی تیری جێگەی ڕەزامەندی و خواستی خەڵکە

نانی تیری و کولێرە و ئەستوورك، ئێستا لە زۆربەی شوێنە گشتییەکاندا ئامادە دەکرێن و، بە گەرمی پێشکەشی خەڵك دەکرێت، شوێنی پایتەخت بۆ ئامادەکردنی نانی تیری و کولێرە، دەیان جۆر خواردن ئامادە دەکەن، یەکێکە لەوانە نانی تیرییە، کە بە ناسکترین شێوە و بە شێوەیەکی تەندرووست دروست دەکرێت، نانی تیری خواستی زۆری لەسەرە، بەتایبەت ئەوانەی کە ناتوانن نان بکەن، یان دەوامی فەرمی و کار و ئیشیان زۆرە، یان ئەوانەی حەز بە نانی فڕن و سەمون ناکەن ڕوو لە نانی تیری دەکەن، یان ناسکە نان و ئەستورك و کولێرە بە گۆشت کە ئێواران بازاڕێکی گەرمی هەیە، نرخی نانی تیریی ئامادەکراو (٢٥) نان بە (١٥) هەزارە، نانی تیری و مادەی بچووك (٥٠) دانەی بە (١٥) هەزارە، سوودەکانی نانی تیری ئەوەیە کە هیچ بڕە خومرەیەکی تێ ناکرێت، هەروەها نانی جۆش ئامادە دەکەن بۆ ئەوانەی کە نەخۆشیی شەکەریان هەیە، یان حەز بە نانی جۆ دەکەن. دەتوانیت نانی تیری لە ماڵدا دابنێیت کە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە بەبێ ئەوەی تێك بچێت.




## ـــــــانی بە تەمەنە

ناسك و تازەپێگەیشتوو بێنە بەرچاوی. ئەو ئافرەتە ناوی (ئەلمیدا ئیریل)ـە، دوای ئەوەی کوڕێکی دەمرێت، لە کاتی ناشتنی کوڕەکەیدا چاوی بە گەنجێك دەکەوێت کە ناوی (جار هاردۆوێك)ـە،کوڕەکە داوای هاوسەرگیریی لێ دەکات وە ئەو خانمەش ڕازی دەبێت، ئافرەتەکە تەمەنی (٧١) ساڵە و کوڕەش (١٧) ساڵە، ئەوەی سەیرە کە ئەو کوڕە گەنجە پێشتر پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵ ئافرەتێکی دیکەی (٧٧) ساڵ هەبووە، بەڵام لەبەر ئەو هاوسەرە تازەیە، وازی لەوەی پێشووی هێناوە.

# گوندێک لە خانووی پلاستیک



هەمیشە خانووەکان لە خشت و کەرپووچ و بلۆك دروست دەکرێن، تا لە سەرما و گەرما بمانپارێزێت، بەڵام خانووەکانی ئەو گوندەی وڵاتی ڤێتنام لە کەرەستەیەکی دیکە دروست کراون، کە هەرگیز بیرت بۆی ناچێت لە چ مادەیەك بێت. ئەو دەبە پلاستیکانەی کە لای خۆمان فڕێ دەدرێن، ئەوان لە بنیاتنانی باڵەخانە و خانوودا بەکاری دەهێنن، بۆ یەکەمین جار و یەکەمین گوندی پلاستیك دەرکەوت، کە دەکەوێتە ناوچەی (بۆکاس دیل تۆرۆس)ی وڵاتی ڤێتنام، کە نزیکەی (١٢٠) خانوو دەبێت، هەموو خانووەکان لە دیواری پلاستیك و دەبە دروست کراون، هەر خانوویەك نزیکەی (١٠) هەزار دەبەی پێویستە و تا ئێستاش زۆربەی خانووە پلاستیکەکانی ئەو گوندە تەواو بووە.




## کاریکاتێر

کاریکاتێرێکی سەردەمە، باس لە هاتنی ڤاکسینەکان دەکات، کە بە شێوەیەکی هێواش و وەك گیانداری خشۆکی حەلەزۆن بە هێواشی دەگەن.

## نوکتە

جارێکیان یەکێك دەسووتێ و کۆمەڵە کەسێکیش دەیکوژێننەوە، دوای ئەوەی دەیبەن بۆ نەخۆشخانە و دکتۆر فەحسی دەکات، هەموو گیانی شکاوە و ورد بووە، دکتۆرەکە دەڵێت: ئەوە سووتاوە ئەی بۆ هەموو ئێسقانی ورد بووە و شکاوە؟ ئەوانیش دەڵێن : دکتۆر ئاو نەبوو بە خاکەناس ئاگرەکەمان کوژاندەوە.



## فیلم

شەڕی بەیانی - The Tomorrow War فیلمێکی ئەکشن و فەنتازیایە، باس لە کۆمەڵەیەك دەکات کە گەشتی زەمەنی دەکەن بۆ ساڵی (٢٠٥١) تا پەیامێك بە جیهان بگەینن، کە داهاتوو چۆن دەبێت، بەڵام لەوێوە لەگەڵ گیاندارەکانی ئاسمانی تووشی جەنگ دەبن، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و (٢٠) خولەکە، لە دەرهێنانی کریس ماکای-ە و، لە وڵاتی ئیندۆنیسیا وێنەی گیراوە، بودجەی فیلمەکە (٢٠٠) ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی کریس پرات، ویڤۆنی ستراوڤیسکی و بیتی دالپین و سیشیلی گابرایلە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

چەند دەرفەتێکت لەدەست دەرچووە و نیگەرانیت دەربارەیان، بەڵام پێویست ناکات هێندە بیریان لێ بکەیتەوە، چونکە ئەو دەرفەتە دووبارە دەبێتەوە و دەتوانیت باشتر سودی لێ وەربگریت، ئەم چەند ڕۆژە بەپێی پێویست گرنگی بە خۆشەویستەکەت دەدەیت، ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی لە پەیوەندیی سۆزداریتدا سەرکەوتن بەدەست بهێنیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بیر لە داهاتوو بکەرەوە و، خۆت بۆ چەند هەنگاوێکی گرنگ ئامادە بکە، لە کۆتایی ڕۆژەکەتدا کەمێك هەست بە سترێس دەکەیت و، دەربارەی داهاتوی خێزانەکەت کەمێك نیگەرانیت، وا باشترە ئەمڕۆ زۆرینەی کاتەکان بە تەنیا لە ماڵەوە بمێنیتەوە، بۆ ئەوەی پلانەکانی ئەم هەفتەیەت ڕێك بخەیت و پشوویەك وەربگریت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

بەم نزیکانە کەسێك سەردانت دەکات و بیرۆکەی نوێی لایە، پێکەوە بیر لە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی نوێ دەکەنەوە، تۆش کە دەتەوێت بارودۆخی ژیانت بگۆڕیت و بڕۆیتە قۆناغێکی جیاوازەوە، بەڵام ئێستا کاتێکی گونجاو نییە، چونکە کەسانی چواردەورت بۆ ئەو گۆڕانکارییە ئامادە نین، وا باشترە بوەستیت تا کاتی گونجاو دێت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ڕەنگە لەم ماوەیەدا ڕووبەڕووی بارودۆخێك ببیتەوە کە پێوست بێت بڕیارێکی گرنگ بدەیت، زۆر ئاساییە ئەگەر وەڵامدانەوەت بۆ گاتێکی دیکە دوا بخەیت، بەڵام پێویستە بەووردی بیری لێ بکەیتەوە، ئەم چەند ڕۆژە زۆر نیگەرانیت و بە هەمو بارودۆخێك تورە دەبیت، باشترە چەند ڕۆژێك بە تەنیا بمێنیتەوەو پشوو بە دەرونت بدەیت.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

دەتەوێت لێکۆڵینەوە دەربارەی بابەتێکی تایبەت بکەیت و بگەیت بە ئەنجامێك، بەڵام سەرسام مەبە، ئەگەر ئەنجامەکەی چاوەڕوان نەکراو بوو، کەسانی چواردەورت بەردەوام لۆمەت دەکەن و، وات لێ دەکەن کە هەست بەخراپی بکەیت، بەڵام نیگەران مەبە، هەمو ئەوەی لە تواناتدا بووە ئەنجامت داوە، پێویست ناکات زۆر لە خۆت بکەیت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئارەزوی بەشداریکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان ناکەیت و، دەتەوێت بە تەنیا بمێنیتەوە، بەڵام بەمشێوەیە زیاتر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت هەڵدەوەشێتەوە، کاتێك خۆشەویستەکەت دەبینیت، هەست بەدڵخۆشییەکی زۆر دەکەیت، بەڵام هیچ کات بۆی دەرنابڕیت کە چەند خۆشت دەوێت، وا باشترە لە دەربڕینی هەستەکات نەترسیت بۆ ئەوەی لەدەستی نەدەیت.

# بیرکردنەوە و فەلسەفە

**ئیمپریالیزم لە دیدی (لینین)ەوە**

لینین پێی وابوو باڵادەستیی مۆنۆپۆلی، سیما و تایبەتمەندییەکی ئیمپریالیزمە، ئەمەی دواییش لە ڕێگەی چەپکێك مۆنۆپۆلیستەوە ئیستغلالکردن و چەوساندنەوەی چینی کرێکار و زەحمەتکێشەکان خەستتر دەکاتەوە. لەم ساڵانەی دواییدا چەند هەوڵێك دراوە بۆ شیکارییکردنی پاڵنەرەکانی جەنگی ئیمپریالیستی، ئایدیاکانی لینین لەمەڕ پرسی ئیمپریالیزم وەك دوایین قۆناغی سەرمایەداری هەنوکەییبوونی خۆی دەسەلمێنێت، هەروەها هانمان دەدات جارێکی دیکە شیکاری بۆ ڕیشە ئابوورییەکانی ئەم سیستەمە بکەین. پێشتر لینین گوتی ئیمپریالیزم بەردەوام لەپێناو دابەشکردن و دووبارە دابەشکردنەوەی موستەعمیرە و ناوچە ژێردەستەکانی سەرمایەداریدا جەنگ بەرپا دەکات، لەگەڵ جەنگی هەمیشەیی ئیمپریالیزم، سەرمایەداری شکڵێکی نوێی وەرگرتووە، کە بریتییە لە پرۆژەی ئابووریی نیولیبراڵیزم، ئەوەش لەڕێگەی قەرزەکانی بانکی جیهانییەوە، بەپێی ڕاسپاردەکانی ئەم دامەزراوە ئایدۆلۆژییە دەبێت و، لاتانی قەرزوەرگر و پاشکۆ سەرجەم کەرتە گشتی و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکانی ژیان (تەندروستی، پەروەردە و.. هتد) بکەن بە پارە و چیتر خزمەتگوزاریی گشتی و خۆڕایی نامێنێت، بەرژەوەندیی ئۆلیگاریشیی حوکمڕانیش لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا (گۆڕەپانی جەنگ)، لەوەدایە دەرامەت و سامان بەشێوەیەکی نایەکسان لە بەرژەوەندیی خۆیان دابەش بکەن.








## پەند و وتە

ڕۆت ئەلیزابیت ناسراو بە (بێتی، دەڤیس) ئەکتەری ئەمریکی، لە ساڵی ١٩٠٨ لە ویلایەتی ماساسیوتیش لە ئەمریکا لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٩ لە پاریس کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕادەربڕینی پیاو و ئافرەت دەڵێت: «کاتێك پیاوان گوزارشت لە ڕا و بۆچوونیان دەکەن، پێیان دەگوترێت پیاوە و قسەی تەواوە، بەڵام کاتێك ئافرەتێك گوزارشت لە بیروڕاکانی دەکات، پێی دەڵێن کەم ئەقڵە و کەسێکی بەدڕەوشتە.



## یاری وێنە

لەم وێنەیەدا خانوویەك دیارە، لەسەر قاپێکی گەورە دانراوە، بەڵام وێنەکە بە فێڵکاری گیراوە، بەهۆی ئەوەی خانووەکە ڕاستەقینەیە، هەوڵ بدە بزانیت ڕاستیی وێنەکە چۆنە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ئێستا کاتی ئەوە نییە کە بیر لە نووسینەوەی پلانەکانت بکەیتەوە، بەڵکو کاتی ئەوەیە بیر لە ئەنجامدانیان بکەیتەوە، لەگەڵ هاوپیشەکانتدا پەیوەندیت لە ئاستێکی زۆر باشدا نییە، بەڵام خۆشەویستیت بۆ پیشەکەت ڕێگەت نادات دەستبەرداری بیت، ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو بەپێی پێویست پشوت وەرگرتووە، ئێستا کاتی ئەوەیە دەست بە ئەنجامدانی ئەرکەکانت بکەیت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەندامانی خێزانەکەن نیگەرانن لەوەی کە پەیوەندیی خێزانیت لەگەڵیان لە ئاستێکی باشدا نییە، وا باشترە کەمێك بە تەنیا بمێنیتەوەو، بیر لە بارودۆخی ژیانت بکەیتەوە و هەڵەکانت ڕاست بکەیتەوە، پەیوەندیت لەگەڵ خۆشەویستەکەت لە ئاستێکی باشدایە، ڕێگەبدە بزانێت کەچەند گرنگیی پێ دەدەیت، بەمشێوەیە زیاتر پەیوەندیتان بەهێزتر دەبێت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ڕەنگە ئەم چەند ڕۆژە خەونی ناخۆش ببینیت و بەردەوام بیرت سەرقاڵ بێت پێیانەوە، بەڵام پێویست ناکات ترست هەبێت، ڕێگە بدە شتەکان بە ڕێگەی ئاسایی خۆیاندا بڕۆن، هێندە نیگەرانی داهاتوت مەبە، ڕەنگە وا بیر بکەیتەوە داهاتوت قورس دەبێت، بەڵام کاتێك پێی دەگەیت زۆر ئاسانترە لەوەی بیرت لێ کردوەتەوە، هەوڵبدە ئامانج بۆ داهاتوت دابنێیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

وا بیر دەکەیتەوە ئەرکێکی زۆرت بەسەردا کەڵەکە بووەو، ناتوانیت ئەنجامی بدەیت، بەڵام بارودۆخەکە لەوە ئاسانترە کە بیری لێ دەکەیتەوە، لە ئێستاوە دەست پێ بکە و ئەرکەکانت لە کاتی خۆیدا ئەنجام بدە، مەترسە لەوەی کە داوا لە کەسانی دیکە بکەیت، بۆ ئەوەی ئەو شتانەت بۆ ڕون بکەنەوە کە لێیان تێناگەیت، تەنیا چاوت لە سەرکەوتن بێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

بیرکردنەوەت جیاوازە لەگەڵ کەسانی دەوروبەرت، ئەمەش وای لێ کردویت کە هەست بە نیگەرانی بکەیت و، وا بیر بکەیتەوە کەس لێت تێناگات، بەڵام ئارام بە، هێشتا کاتی تۆ نەهاتوە، چاوەڕێی کاتی گونجاو بکە، چونکە ئەو کاتە زۆر نزیکە بۆئەوەی ئەو کەسانە بدۆزیتەوە کە لێت تێدەگەن، وەرزشکردن هۆکارە بۆ ئەوەی لە سترێس دوربکەویتەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەمڕۆ ڕۆژێکی گونجاو نییە بۆ ئەوەی بەشداری لەو چالاکییانەدا بکەیت کە ژیانت دەخەنە مەترسییەوە، وا باشترە ئەم چەند ڕۆژە لە هاوڕێکانت دوربکەویتەوە و، هەندێك کات بۆ خێزانەکەت تەرخان بکەیت، ئەرکەکانی دەرەوەت لە ماڵەوە ئەنجام مەدە، بۆ هەر شتێك کاتی خۆی پێ ببەخشە، نیگەران مەبە دەربارەی ئەو شتانەی بەدەستت نەهێناون، دوبارە هەوڵ بدەرەوە.